لە بەردەم دەرگای نزادا … ڕۆژگار باهیر

١… دەرەوەیە … بەردەم مزگەوتەکە… ڕۆژە.
لە پەنا دەنگەکی ناخۆشی بەرزی لە ناکاو کە قرخەی پاکردنەوەی قورگی مەلایەکە لە پێش بانگ لە بەندگەی مزگەوتەوە دەبیسترێ و ئازادی تەمەن ١١ساڵان کە لەسەر کورسییە بچووکەکەی بەردەم دەزگای بەیاخچێتییەکەی دانیشتووە و بتڵك ئاوی بچووکی بەدەمیەوە ناوە بیخواتەوە دەنگی مەلاکە رایدەچڵەکێنێ، پاشان دەنگی بانگ دەبستێ.
لەبەشی خوارەوەی شەقامەکە لەولای ئازادەوە بە دووەمترێك کاوەی تەمەن ٤٠ساڵ بەدیار عەرەبانەیەکی بچووکی ماست و پەنیر وەستاوە و هاوار دەکات.
کاوە/
وەرە بە دەی دادە … وەرە بە ماستەکەی قەرەجەتان
وەرە بە ماست و سەرتوڕو ودەکەی لادێکانی خەمان
وەرە و خێت بەبەش مەکە لە شیری تازەی مەڕەکانمان.
پیاوێك دێت و چووتێك بەاوی قاوەیی بەدەستەوەیەو لەبەردەم ئازاد دایدەنێت.
پیاو/
ئەو پێناوانەم بەیاخکە پاش سەعاتیکی تر دەمەوە بەی.
ئازاد/
بەسەرچاو… نەعلت ناوێت؟
پیاو/
گڵۆ نابینیت پێناوم لە پێدایە. جوان بەیاخی بکە با بریقەی بێت .. دواتر پارێت دەدەمێ.
پیاوە دێوات و کاوەی ماست فرێش بەرەو لای ئازادی بەیاخچی دێت.
کاوە/
ئازە گیان ئاگات لە عەرەبانەکەم بێت تا نوێژەکەم نەچووە… هەرئەستا دەمە.
ئازاد/
کاک کاوە کەی ماستی قەرەچەتانە … کەی ماستی لادێیە..
ئەی لەمانی خەتان دروستی ناکەن!
کاوە/
هەتیو تە تازەی لە بازاڕدا ئەوە تەکنیکی ئیشە تە نایزانی.
کاوە بەپەلە دەروات و خەی بە مزگەوتا دەکات بە نوێژکردن.

ئازاد بزەیەک دەیگرێت وەک ئەوەی گاڵتەی بەقسەکانی بێت و دەستدەکاتەوە بە بەیاخ کردنی پێشەوا قاوەیەکانی کابرا، لەم کاتەدا پیاوەکی پیری ریش سپی بە پەی پەتی دێتە بەردەم ئازاد.
پیاوی پیر/
ببەخشم ئا چوتەك نەعلم بدەرێ پێشەوا کانیان دزیوم
دواتر بێت دەنمەوە.
ئازادیش سەیری پیاوەی ریش سپی دەکات و بزەیی پێدا دیتەوە چووتەك نەعل دەخاتە بەردەم قاچە وشك هێناتووەکانی.
ئازاد/
باشە مامە.. بەچی ئاوا زووزوو لێتان تیکدەچێت
پێشەوای یەکتر دەبەن؟
پیاوی پیر/
بەسە قسەی هەڵەق ومەڵەق مەکە.. دواتر بێت دەنمەوە.
پیاوەی ریش سپی بەتوڕەییەوە بەرەو سەرەوەی شەقامەکە دەڕوات.
لەدەرگای مزگەوت پیاوەکی تەنگە ئەستوری قەڵەوی جل وبەرگ شیك کە چووتەك نەعلی دەاوی لەپێدایە و دەموچاوی توڕە یی لێدەبارێت بەرەو لای ئازادی بەیاخچی هەنگاودەنێت هەر لێدوورەوە.
پیاوی قەڵەو/
هەتیو ئەوە تە ئەم نەعلانێت بە داناوم من چەند جارم وت
بەیاخ ناکەم؟
ئازاد/
نەخێر ئەوە نەعلی من نیە.. من هەر نەهاتومەتە مزگەوت
پیاوی قەڵەو/
درەمەکە ناشرین ئەمە نەعلی تۆیە ؟
ئازاد/
بەسەری باوکم ئەوە نەعلی من نیە
پیاوی قەڵەو/
ئەوە چیبە ئەو پێشەوا قاوەیانە ئادەی با سەیریانکەم.
ئازاد/
ئەوە هی پیاوەکە داینا و تەزیکی تر بەی دەتەوە
پیاوی قەڵەو/
هەتیوە خوڕیەی دزو و درەزنە هەشتا دەمت گەرمە
ئەوە خە پێشەوا کانی منە.
پیاوی تەنگئەستور یەك زلە دەدات بە دەموچاوی ئازاداو دەکەوێت و خەڵکیان لە کەدەبەتەوە پەلیسیش لەوبەری شەقامەکەوە بە پەلە دێت بەرەو ڕووی قەڵەباغیەکە.
شەرم ناکەیت بە ئەدەبی ساختەچی درەزن.

ئازاد/
ئازاد چاوی پر دەبێت لە فرمێسك و لە جێگەی خۆی بەرز دەبێتەوە وەك هامی پیاوی قەڵەو دەداتەوە.
ئازاد/
من درەناکەم ئەوەن نوێژدەکەن شتی یەکتری دەدزن .
پیاوی قەڵەو دەستەکی ئازاد دەگرێ و هەودەکاتە پەلیس و بە توڕەیی و دەنگی بەرزەوە دەڵێت.
پیاوی قەڵەو/
گەورەم ئەم هەتیوە ناشرینەی بە ئەدەبە پێناوکانی دزیوم.
پەلیسیش یەکسەر دەستەکی تر ئازاد دەگرێت لە ناو قەڵەباغیەکە دەیبەنە دەرێ.

کۆتایی